کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-9-2007 23:33 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## شێوازەکانی نووسین ... جوان جەلال

سەرەتای دەست پێکردنی نووسین لەهەر بوارێك لەبوارە جیاجیاکان، پێویستی بە بیرکردنەوەو بەخۆداچوونەوەو بەرپرسیارێتی هەیە لەئاست ئەو دەربڕینانەی کە نووسەر دەیەوێ تیشك لەسەر خاڵە ئاماژەبۆکراوەکانی بکات، مەبەستی نووسین یان دەست پێکردنی هەر نووسینێك مەرج نییە لەپێشەکییەوە سەرچاوەی گرتبێت، دەکرێ کاریگەرییە دەرەکییەکان سەرچاوەبن بۆ نووسین، بەڵام بوونی پێشەکی یاخود هەر جۆرە دەستپێکێك بەمانا گشتییەکەی بەبۆچوونی مەرج نییە لە سەرەتای نووسیندا هەبێت، راستە دەکرێ ئاماژە بە چەند پرسێك بکرێت تاکو نووسەر پێ بهاوێتە ناو نووسین، بەڵام ئەو خاڵەش دەبێ زۆر بەکورتی بێت و لەناوەڕۆك و دەربڕینە گشتییەکەی نووسین زیاتر نەبێت.



کەرەستەکانی نووسین، سەرەتا پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و زانیارییەکی تۆکمەو باوەڕبەخۆبوون هەبێ، لەپاش ئەم تایبەتمەندیانە، ئەوجا نووسەر دەتوانێ لە ناوەڕۆکی بابەتەکەیدا ئەوەی بیەوێ دەرییبڕێت و شرۆڤەی بکات.

ئێستاکە گەر چاوپیاخشانێك بەنێو سەرجەم ئەو نووسینانەی کە لە رۆژنامەو تەنانەت ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاودەبنەوە بکەین، دەبینین، زۆربەیان لەیەك دەچن، ئەویش بەهۆی نەبوونی زانیاری یاخود هەوڵنەدانی نووسەرە بۆ گەیشتن بە ئاستێك کە خەڵکی لاسایی بکەنەوە نەك ئەو لاسایی نووسەرانی کەم تواناو شازا بکاتەوە، بەبۆچوونی من نووسین لەچوارچێوەی زۆر گوتنەوەی وشەو زۆر باسکردنی واقیعیەتەکاندا ون بووەو پێویستی بە بەخۆداچوونەوەو نوێکردنەوە و زاڵبوونە بەسەر خاڵە لاوازەکانی نووسیندا.

جا ئەو هەوڵە چۆن دەدرێت و چۆن پلانی بۆ دادەڕێژرێت، ئەوەیان بۆ تواناو سەلیقەیی نووسەر دەگەڕێتەوە گەر بیەوێ نووسەرێك بێت سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتەکانی رابکێشێت.

لەکۆتاییدا ئەوە ماوە بیڵێم: نووسین پێویستی بە گۆڕانکاری و بەکارهێنانی وشەی جوان و پڕماناو کورتبڕییە و دوورکەوتنەوەیە لە درێژکردنەوەو بێ هێزکردنی کە ئێستاکە لەناو نووسەران و نووسینەکاندا بەدی دەکرێت. Jwan_jelal@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.